# هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی لای هەررزەکاران لە خوێندنگادا

م.ی.چۆمان احمد سلیم [1]

[1] کۆمەڵناسی ، ئەنسرۆپۆلۆجی ، [1] chomansocial@gmail.com

نووسەری پەیوەندیکار: م.ی.چۆمان احمد سلیم *

## پوختە

ئە م توێژینە وە یە لە ڕوانگە ی زانستی کۆمە ڵناسییە وە لە سە ر کۆمە ڵێک تایبە تمە ندی جیاوازی قۆناغی هەرزەکاری و کاریگە ری بۆ سە ر پە یوە ندییە کانی لە گەڵ خێزان و ئە ندامانی کۆمەڵگادا کاردەکات ، هە ر بۆیە،توێژینەوەکە دە گە ڕێت بە دوای دەستنیشانکردنی هۆکارە کولتووریی و کۆمە لایەتییەکانی توندوتیژی لای هەرزەکاران لەڕووی چەندێتییەوە.

لەم توێژینەوەیە دا میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایە تی جێبە جێکراوە، هەروەها فۆرمی ئیستبیان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە کان بە کار هاتووە ، کۆمە ڵگا ی توێژینەوەکەمان بریتییە لە : ( ئامادە یی وایزی کوڕان و کچان ) نموونە ی توێژینە وە کەش : ( ٢٢٠ ) خوێندکارە ( ١٢٠ ) خوێندکاری کوڕو ( ١٠٠ ) خوێندکاری کچ، کە بە شێوازیی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون .

توێژینەوەکە گەیشتووەتە ژمارەیەک دەرەنجامی گرنگ : خوێندکاران ناتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن ، پێیان وایە ئەگەر پەنا بۆ ڕێنمایکاری پەروەردەیی بەرن بە ترسنۆک و لاواز وەسفیان دەکەن ، هەروەها میدیاو یارییە ئەلکترۆنییەکان کاریگەری خراپیان لە زیادبوونی توندوتیژی نێوان هە رزەکاراندا هەیە ، هەروەها زۆرینەی خێزانەکان هاندەری هەرزەکارەکەیان نیین بۆ ئەنجامدانەوەی هەمان هەڵسووکەوتی توندوتیژی بەرامبەر هاوڕێکەی .

**وشە کلیلییەکان:** هۆکاری کۆمە ڵایە تی، هۆکاری کولتووری، توندوتیژیی، هە رزە کار .

## 1. پێشەکی

قۆناغی هەرزەکاری یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردنی مرۆڤ ، کە لە منداڵییەوە بۆ پێگەیشتوویی دەڕوات، جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتیی کە کاریگەری بۆ سەر هەڵسووکەوتی هەرزەکارو شێوازی بیرکردنەوەی هەیە . هەرزەکار هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی کەسێتی و پەیوەندییەکانی ، کە کاریگەر دەبێت بە ژینگەی خێزانی و کۆمەڵگای لۆکاڵی و بەهاو دابوو نەریتی کۆمەڵگاکەی ، لەم ڕێگایەوە هەندێک هەرزەکار مرۆڤێکی ئارام و دوور لە توندو تیژی لێدەردەچێت، هەندێکی تریش دەبێتە هەرزەکارێکی توندوتیژو کێشەدار بۆ کۆمەڵگاکەی.ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە ( هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی لای هەررزەکارن ) یەکێکە لەبابەتەکان کە گرنگیدان بە دەرەنجامەکانی کاریگەری بۆ سەر کەمکردنەوەی توندوتیژی و دروستکردنی ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگا هەیە ، هەروەها لە ناو نیشانەکەیەوە دیارە کە توندوتیژی لەلای هەرزەکار هەر لە خۆوە ڕونادات بەڵکوو لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری کولتووریی و کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت، وەکوو : خێزان ، خوێندنگا ، گرووپی هاوڕێیان ، ڕاگەیاندن، بەهای کۆمەڵایەتی ، یاسا ، کە هەریەکە لەم بابەتانە ڕۆڵیان لە زیاد بوون و کەم بوونی توندوتیژییەکان لەلای ئەم توێژە هەیە، کەلە توێژینەوەکەدا هەوڵ دەدرێت باس بکرێن و لەلایەنی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەکەدا وەڵامی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆی .ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازە پێکهاتووە : دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە کە دوای خستنەڕووی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، ناساندن بۆ چەمکەکانی ( هۆکاری کۆمەڵایەتی ، هۆکاری کولتووریی ، توندوتیژی ، هەرزەکار ) کراوە، پاشان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی ( خێزان ، قوتابخانە ، گرووپی هاورێیان ، ڕاگەیاندن ) و هۆکارە کلتوورییەکانی توندوتیژی ( بەهای کۆمەڵایەتی ، هۆشیاری کولتووری، یاسا ) خراوەتە ڕوو . دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە : لەم دەروازەیەدا ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجامەکانی باسکراوە .

## 2.کێشەی توێژینەوەکە :

دەکرێت بڵێین لەکاتێکدا بڕیاردەدرێت لەسەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی توێژینەوە ئەنجامبدرێت لەدوای ئەوەی کەهەست بەبوونی وەکوو کێشەیەك دەکرێت ، ئەوبابەتەی کە هەڵمان بژاردووە : ( هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی لای هەررزەکارن ) بابەتێکی گرنگ وهەستیارە و لەڕابردوو و لەئێستادا لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیەوە تیشکی خراوەتە سەروو لێی کۆڵدراوەتەوە . لەم ڕووەوە سازدانی توێژینەوەیەك لەم بوارەداو بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاریی و دەزگای خوێندنگادا گرنگ و پێویستە.

لێرەشەوە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گەرانە بەدوای هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی لای هەرزەکاران لەناو ( ئامادەیی وایزی کوڕان و کچان ) دا کە خۆی لە چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە ئەویش : گرنگترین هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی کە کاریگەرییان لەسەر هەردوو رەگەزی نێرو مێ لای هەرزەکار هەیە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی چین ؟ ڕۆڵی دامەزراوەی خێزان لە دروست بوونی توندوتیژی لای هەرزەکارانیان چییە ؟ تاچەند خوێندنگا بووەتە هۆکارێك بۆ چارەسەری توندتیژی؟ . تاچەند سەیرکردنی دیمەنی توندوتیژی لە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12567]
- **Submission Date:** [25/5/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کاریگەری بۆ زیادکردنی توندوتیژی لای هەرزەکاران هەیە ؟.

### 3 گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی توێژینەوەکە لەگرنگی بابەتەکەوە سەرهەڵدەدات کەباس لە هەرزەکار دەکات و گرنگیەکەشی تەنها بۆتوێژێکی تایبەت نیە بەڵکوو بۆ سەرجەم کۆمەڵگایە :

١. وەکووسەرچاوەیەکی زانستی دەبێتە هۆی زۆرکردنی زانیاری دەربارەی هەرزەکار ، بەتایبەتی هۆکارەکانی توندوتیژی.

٢. لەڕووی مەیدانیەوەیە گرنگی بۆ خوێندنگاو سەرجەم ئەو ناوەندانە هەیە کە هەرزەکاریان تێدایە، دەکرێت هەنگاوو پلانی باشتر بۆ هەڵس و کەوت کردن لەگەڵیاندا دابنرێت .

٣. لەلایەکی ترەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو خوێندکارانەی لەداهاتوودا دەیانەوێت توێژینەوە لەسەر هەرزەکار ئەنجام بدەن.

### 4 ئامانجی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە :

1-دۆزینەوەی هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی لای هەرزەکاران .

2-دیاریکردنی ڕۆڵی خێزان لە دروست بوونی توندوتیژی لای هەرزەکاران.

3- دیاریکردنی پەیوەندی نێوان سەیرکردنی دیمەنی توندوتیژی و زیادکردنی توندوتیژی لای هەرزەکاران.

4- دیاریکردنی ڕۆڵی خوێندنگا لەکەمکردنەوە یان زیاد بوونی توندوتیژی لای هەرزەکاران .

### 5 میتۆدی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندێتییە، بریتییە لەو ڕێگایەی کە بەهۆیەوە ڕاستییەکی زانستی دەدۆزرێتەوە لە کۆمەڵێك ڕێگای گشتی کە دەست دەگرن بەسەر ژیانی مرۆڤداو دەست نیشانی چالاکییەکانی دەکەن بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی ڕۆشن (الحسن ،١٩٨٢: ٣٣٣).
میتۆدی بەکارهاتووی ئەم توێژینەوەیە وەسفییەو تیایدا پشت بەڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەستراوە:
ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ( المسح الاجتماعی ) کە بەیەکێك لە ڕێبازە گرنگەکان دادەنرێت، لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، کە ڕێگایەکی زانستی دەگرێتەخۆی بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان نەتەوەیی(عمر ، ١٩٨٣ :٧٤٣).
کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە هەردوو ئامادەیی ( وایزی ناحکومی کوڕان و کچان ) لە شاری سلێمانی ، کە قۆناغی ( 7 – 11 ) دەگرێتەوە، واتا ئەو ساڵەی ئەم توێژینەوەیەی تیادا ئەنجامدراوە : (٢٠٢٣ -٢٠٢٤ ) ، ئامادەیی وایزی ناحکومی کوڕان و کچان، هەردوو قۆناغی بنەرەتی و ئامادەیی پێکەوە کۆکردووە تەوە .
نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراوە، بریتی یە لە : (220) خوێندکار، کە دەکاتە نیوەی کۆی ژمارەی خوێندکاران . لە کۆی (200) خوێندکاری ئامادەیی وایزی کچان ( 100 ) خوێندکار وەرگیراوە، هەروەها لە کۆی ( 240 ) خوێندکاری ئامادەیی وایزی کوڕان ( 120 ) خوێندکار وەرگیراوە .
لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی بۆ زانیاری کۆکردنەوە بەکارهێنراوە، کە لە کۆمەڵێك پرسیار پێکهاتووە، لەسەر بنچینەی ئامانجی توێژینەوەکەو بە پێی ڕەچاوکردنی پێوەرو بنەمای دیاریکراو دادەڕێژرێت . ئامانج لەو پرسیارانەش وەرگرتنی زانیارییە لە بارەی بابەتی توێژینەوەکە لە کەسێك یان ڕووداوێك، یاخوود دیاردەیەکی لە بەرچاوگیراو (موحسینی ، ٢٠٠٢: ٣٧-٣٨)

### 6 ناساندنی چەمکەکان:

#### 6.1 هۆکاری کۆمەڵایەتی ( Social Factors ) :

هۆکاری کۆمەڵایەتی بریتیە لەو دۆخەی کە چواردەوری تاکی داوە و جیای دەکاتەوە لەوانی تر، کە کورت دەبێتەوە لە کۆمەڵێك پەیوەندیدا لە نێوان تاك و گروپەکاندا دروست دەبێت و تێکەڵی یەکتری دەبن، وەکوو ئەندامانی خێزان و خوێندنگاو هاوڕێیان و کۆمەڵگای لۆکاڵی (عبدالحکیم و الأخرون، ٢٠١٨: ٩٣).
هۆکاری کۆمەڵایەتی کارلێکی نێوان تاکەکان و پێکەوەژیانیان دەگرێتەوە، دروست دەبێت لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی ( ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی )و هەوڵدانی تاکدا ( ئازادی تاك لە هەڵس و کەوت کردن و بیروباوەڕیدا ) (GREO, 2018:3) .
هۆکاری کۆمەڵایەتی بریتیە لە چەندێتی و چۆنێتی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان، کە کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی و درککردنی تاك و خۆشگوزەرانی گشتی مرۆڤ بە درێژایی ژیانی(Friedland 2022).

**پێناسەی ئیجرائی :**

هۆکاری کۆمەڵایەتی بریتیە لەو بارو دۆخەی کە تاك تیایدایەتی و چواردەوری داوە، لەگەڵ کارلێکی نێوان تاکەکان و پەیوەندییەکانیان، ئەگەر لەسەر ئاستی گروپی بچووکی وەکوو خێزان و گروپی هاوڕێیان بێت ، یاخوود کۆمەڵگا بەگشتی بێت، کە کاریگەری دەکاتە سەر لایەنی دەرونی و شێوازی هەڵس و کەوتی مرۆڤ بە درێژایی ژیانی.

#### 6.2 هۆکاریی کولتووری ( Cultural factors ) :

هۆکاری کولتووری بریتییە لە بەهاو بیرو باوەڕو داب و نەریت و ئەخلاق و یاساو زانیاری و هێمای هاوبەش لە کۆمەڵگادا کە کاریگەری بۆ سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ و شێوازی بیرکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ دیاردەکان هەیە (ناصر، ١٩٨٥: ٩٠-٩٢).
هۆکاری کولتوری بریتیە لە کۆی بیرو باوەڕو وەڵامدانەوەی سۆزدارییانەو شێوازی هەڵسوکەوت کە کاریگەرییان لەسەر تاکەکان هەیەو وەردەگیرێن لە ڕێگای ئاڕاستەکردن و لاسایکردنەوەو بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتریدا بە ئاستی جیاواز (المکاوی،٢٠٠٧: ٩٦).

**پێناسەی ئیجرائی :**

بەشێوازێکی گشتی هۆکاری کولتووری بریتیە لە بەهاو داب و نەریت و زمان و زانیاری و بیرو باوەڕو یاساو هونەرو عورف، کەکاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە، دەبنە هۆی ئاڕاستەکردن و پێکەوەبەستنی ئەندامانی کۆمەڵگا پێکەوە .

#### 6.3 توندوتیژی (Violence) :

توندوتیژی بریتیە لە ئازاردانێکی مەبەستدار بۆ سەرجەستەی کەسێك وەکوو : بریندار کردن، لێدان، ئازاردان، لاقەکردن، کوشتن، یاخوود توندوتیژی بونیادی یان هێمایە، کە ستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایدۆلۆجی دەگرێتەوە دەکرێت پلان بۆ داڕێژراوبێت یان کتووپڕبێت

.(Turner, 2006: 252-253)

توندوتیژی بەکارهێنانی هێزو دەسەڵاتە دژی تاکەکەس خۆی یان کەسانێکی تر یاخوود کۆمەڵگا بەگشتی، کە دەبێتە دووچار بوون بە مردن و زیان گەیاندن و بێبەش بوون، هەروەها هیچ دەوڵەت و کۆمەڵگایەك نییە توندوتیژی تێدا نەبێت ( World Health Organization).

لە ڕوویەکی ترەوە بریتیە لە بەکارهێنانی هێز بە شێوازێکی نائاسایی و نایاسایی، بۆ ئەوەی کاریگەری بخاتە سەر ئیرادەی تاك یان کۆمەڵ، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵات و ترساندن و ملکەچ پێکردن (الشیب، ٢٠٠٧: ١٨).

پێناسەی ئیجرائی :

دەکرێت بوترێت توندوتیژی کردارێکە لەلایەن کەسێك یان لایەنێکەوە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر کەسێك یان گروپێکی تر، بەمەبەستی ئازاردانی لە ڕووی دەرونی یان جەستەییەوە، ئامانج لێی ملکەچکردن و ترساندن و چەوساندنەوەی بەرامبەرە .

**6.4 هەرزەکار ( Adolescence ) :**

وشەی یان زاراوەی هەرزەکار لە وشەی ( Adolescence ) لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای پلەکانی گەورە بوون دێت (نخبة من الكتاب :١٥٦ )

لەڕووی کاتەوە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، کە دەکەوێتە نێوان منداڵی و کامڵیەوە، کە (10 بۆ 19 ) ساڵی دەخایەنێت، بەقۆناغێکی زۆر جیاواز دادەنرێت بۆ گەشەکردنی مرۆڤ و بونیادنانی تەندروستییەکی باش بۆی( World Health Organization).

هەرزەکاران ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی خێرا دەبنەوە لە ڕووی جەستەیی و دەرونی و مەعریفییەوە، کە کاریگەری دەکاتە سەر هەست و شێوازی بیرکردنەوەیان و بڕیاردان و کارلێکیان لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا، هەروەها وەکوو تەمەنی هەرزەکاری بە قۆتاغێکی پڕلە کێشەو فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت .(Abercrombie and Otgers, 2006: 5-6)

پێناسەی ئیجرائی :

بەشێوازێکی گشتی هەرزەکار ئەو کەسەیە کە بەقۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا ( ١٠ – ١٩ ) ساڵی تێدەپەڕێت ،کۆمەڵێك نیشانەو تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، لە ڕووی : جەستەیی و دەرونی و مەعریفی و کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها دووچاری کۆمەڵێك کێشەو فشار دەبێنەوە، کە لە هەرزەکارێك بۆ هەرزەکارێکی تر، هەروەها لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێت .

## 7 لایەنی تیۆریی:

### 7.1 تەوەری یەکەم : کورتەیەک دەربارەی توندوتیژیی و قۆناغی هەرزەکاریی:

### 7.1.1 یەکەم : کورتەیەک دەربارەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی توندوتیژی:

توندوتیژی بەشێکە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و لە ئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵگاکانەوە زیاتر دەرکەوتووە، بەبڕوای ( ئەریک فرۆم) لە کتێبی ( تشريح التدمير البشري ) بەشێک نییە لەسروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگای سەرەتایی شەڕوو جەنگی گەورەی تیادا نەبووە ، ئەوەی هەشبووە لەپێناو بەرگری کردنی تاک لە خۆیەوە بووە .

بەڵام جۆری توندوتیژیی وێرانکەر و ڕێکخراو لەئەنجامی دەرکەوتنی ئارەزووی کۆنترۆڵکردن و هەوڵدانی مرۆڤ بۆ سەلماندنی خودی خۆیەوە پەیدابووە . کەواتە توندوتیژی دیاردەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز بووەو پەیوەندی بە ململانێ لەسەر دەسەڵات و پێویستی دەرونی تاکەکەسەوە هەبووە (ولسون، ٢٠٠١: ٣-٤) .

لەڕووی کۆمەڵناسییەوە توندوتیژی دیاردەیەو هۆکاری کۆمەڵایەتی هەیە، پەیوەندی بەبوونیادی کۆمەڵایەتی و سروشتی نێوان چینەکانەوە هەیە، ،واتا تەنها هەڵسووکەوتێکی تاکەکەسی نییە ، بەڵکوو دروست دەبێت لە ئەنجامی ململانێکردن لەسەر دەسەڵات لە نێوان چین و توێژەکاندا ، هەروەها بەهۆی تەنگەژەی بونیادی و دژیەکییە قووڵەکانی کۆمەڵگاو نەبوونی هاوسەنگی نێوان سیستمی کۆمەڵایەتی و لاوازی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو خێزان و خوێندنگاو دامەزراوەی ئابوری و سیاسی و ئاینیەکاندا ، تووندوتیژیی و پێکدادانەکان زیاتر دەبن و گەشە دەکەن(مجيطنة، ٢٠١٤: ١٥٣-١٥٧) .

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی بەیەکداچوون و پەیوەنییان بەیەکترەوە هەیە، گرنگترینییان بریتین لە: تەنگەژەو کێشەکانی خێزان ، کاریگەری ڕاگەیاندن ، لاوازیی پەروەردەی قوتابخانە ، کاریگەری گروپی هاوڕێیان (مبيضين، ٢٠١٣: ٢٤-٢٥).

هەروەها هۆکارە کولتورییەکانی توندوتیژی جۆرێکە لە توندوتیژی واتایی یان ناماددیی، کە کاردەکات بۆ سەپاندنی بۆچوونێکی کولتووری یاخوود ڕەمزی بەسەر کۆمەڵگایەکی فرەجۆردا ، لەڕێگای بەکارهێنانی ڕەمزو پێوەرو بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە ، واتا گروپێک لەڕێگای باوەڕبوون بە هەندێک بیروباوەڕی دیاریکراو خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئەوانی تردا ، ئەش دەبێتە هۆی جیاوازی هێزو ململانێ لەسەر شوناس و واتا (أخلاقاني، ٢٠١٩: ٢١-٢٤)

واتا توندوتیژی کولتووری بریتیە لە باڵادەستی بیرو باوەڕو بەهاو پێوەرو داب و نەریتێکی دیاریکراو، بەتایبەتی کاتێک ئەم بابەتە دەبێتە جێگای مەترسی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەروەردەو ڕاگەیەندن و ئاینی ببنە هەڵگری ئەم جۆرە بیرو باوەڕانە ، کە کۆمەڵگا دوچاری تێکچوون و شڵەژان دەکات ، کە چەند لایەنێکی سەرەکی دەگرێتەوە وەکوو : بەهای کۆمەڵایەتی ، هۆشیاری کولتووری ، یاسا (ویتمر، ٢٠٠٧: ٢-٤).

کەواتە بەشێوازێکی گشتی دەکرێت بوترێت توندوتیژی مێژوویەکی دورو درێژی هەیەو تەنها پەیوەست نییە بەم سەردەمەوە، بەڵام بەبۆچوونی زانایان توندوتیژییەکان بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتوون و زیادیان کردووە . هەروەها لەڕووی کۆمەڵناسییەوە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە ئەویش : هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانە ، کە هەریەکەیان کاریگەری خۆیان هەیە ، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بەهێز لەنێوانیاندا هەیەو هەندێکجار لەیەکتری جیاناکرێنەوە .

### 7.1.2 دووەم :چەند تیۆرییەک بەکورتی دەربارەی توندوتیژی و پەیوەندی بە هەرزەکارانەوە :

**1. تیۆری ئانۆمی - بێ پێوەری کۆمەڵایەتی ( تظرية الامعيارية ) :**

تیۆری ( ئانۆمی) ئاماژەیە بۆ دۆخی لاوازیی و نەبوونی پێوەرو بەها کۆمەڵایەتییەکان ، کە کاریگەری بۆ سەر کەسەکان هەیەو دەبێتە هۆی تێکچوونی بونیادی کۆمەڵایەتی و لادانی کۆمەڵایەتی ، بەو پێیەی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان میکانیزمێکن بۆڕێکخستنی کارلێکی کۆمەڵایەتی و هەڵسووکەوتەکان لە کۆماڵگادا . ( دۆرکایم)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12567]
- **Submission Date:** [25/5/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕای وایە ئانۆمی بە واتای لاوازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی پێوەرەکان دێت هەروەها ( ڕۆبەرت میرتۆن ) پێی وایە کە هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت لەسەر بنەمای پێوەرو بەهاکان ، لادانیش لێیان کاتێک دروست دەبێت کە کەلێن لەنێوان ئامانجە کولتورییو کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازی گونجاو بۆ بەدی هاتنییان پەیدا دەبێت ( بوغراف ، 2023 : 7-8 ) .
ئەگەر سەیرێکی بابەتی پێشوومان بکەینەوە ، دەبینین یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی ، نەمان و لاوازبوونی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە ، کەواتە ئەم تیۆرە زۆر گونجاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە ، ئەوەشی زۆر گرنگە بۆمان لێرەدا ئەم تیۆرە پێمان دەڵێت : کاتێک بەهاو پێوەرەکان تێک دەچن بونیادی کۆمەڵایەتی کە کۆی کۆمەڵگاو پەیوەندییەکانێتی تێک دەچێت ، لێرەشەوە توندوتیژییەکان زیاتر سەر هەڵ دەدەن ، ئیتر لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بەگشتی بێت یان دامەزراوەکانی بێت .

**2.تیۆری بێهیوابوون ( نظرية الإحباط ) :**

ئەم تیۆرە پێی وایە بێهیوابوون بە واتای ئاستەنگ لەبەردەم تاکەکەسداو بێبەشبوونی لە بەدی هێنانی ئاواتەکانی دێت ، بەهۆیەوە هەستەکانی شڵەژان و توڕەبوون دروست دەبێت و ئەگەرەکانی کرداری توندوتیژانە زۆر دەبێت . واتا ئەم تیۆرە پێی وایە لەگەڵ زیادبوونی بێهیوایی لەلای مرۆڤ توندوتیژییەکان لەدەرون و هەڵسووکەوتدا گەشە دەکات ، و ئاراستەی ئەو کەس و شتانەی دەکات کە بێهیوابووە بەرامبەریان ( العقاد ، 2001 : 113-114 )

**3. تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی ( نظرية الصراع الاجتماعي ) :**

بەپێچەوانەی تیۆری ( وەزیفیی ) هوە کە جەخت لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگا دەکات ، تیۆری ( ململانێ ) پێی وایە کۆمەڵگا لە حاڵەتی ململانێ و پێکدادانی بەردەوامدایە ، ململانێ لە ناو سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و گروپە جیاوازەکان و تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە ، لەناو خێزان و خوێندنگا و نێوان ژن و مێرد و دایک و باوک و منداڵ و سەرجەم کەسەکانی تردا ململانێ هەیە . ئەم ململانێیە هەندێکجار شێوەی توندوتیژانە و کوشتن و ئازاردانی دەرونی لەخۆ دەگرێت ، هەندێکجاریش شێوەی کێبرکێی ئاسایی و گفتوو گۆو مشت و مڕ لە خۆ دەگرێت ( موحسنی ، ٢٠٠٢ : ٦٩ )

**4. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ( نظرية التعلم الاجتماعي ) :**

تیۆری ( فێربوونی کۆمەڵایەتی ) کە لەلایەن ( باندۆرا ) هوە دامەزراوە ، پێی وایە مرۆڤ هەڵسووکەوتەکان تەنها لەڕێگای سزاو پاداشتەوە فێرنابێت ، بەڵکو لەڕێگای : چاودێریکردن ، لاساییکردنەوەو شوێنکەوتنی هەڵسووکەوتی ئەوانی ترەوە فێردەبێت ، تاک بەهۆی خێزان و خوێندنگاو هاوڕێیان و ڕاگەیاندنەوە فێردەبێت ، هەروەها ئەم تیۆرە گرنگی بە پڕۆسە مەعریفییەکانی وەکوو : سەرنجدان یادەوەری و پاڵنەر دەدات ، بۆیە بە یەکێک لە گرنگترین تیۆرەکان دادەنرێت بۆ فێربوونی هەڵسووکەوتە باشەکان ، هەروەها بە پێچەوانەوە هەڵسووکەوتی خراپ و توندوتیژانەو ئازاردانی ئەوانی تر ، بەتایبەتی لەلایەنی منداڵ و هەرزەکارانەوە ( قەرەچەتانی ، ٢٠٠٨ : ١٣٢ ) .
ئەم چوار تیۆرەی کە خرایە ڕوو پەیوەست بە توندووتیژیی و هۆکارەکانی ، لەچەند ڕوویەکەوە جیاوازن و تەواوکەری یەکترین ، هەروەها هەردوو هۆکارە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت ، تیۆری یەکەمیان ( تیۆری ئانۆمی ) باس لە هۆکارەکانی توندووتیژی دەکات لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگا ، بەو پێیەی کاتێک بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕوو لەلاوازی دەکەن ڕێژەی توندوتیژی ڕوو لە هەڵکشان دەکات ، تیۆری دووەمیان ( تیۆری بێهیوابوون ) زیاتر لەڕوویەکی کۆمەڵایەتی دەروونییەوە شیکاری هۆکاری توندو تیژی دەکات لەسەر ئاستی تاکەکەسی ، بەو پێیەی هۆکاری توندوتیژی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەستکردن بە بێهیوایی و نەمانی متمانە بۆ بەردەوامبوون .
تیۆری سێیەمیان ( تیوری ململانێ ) ئەمەشیان باس لە هۆکاری توندووتیژی دەکات لەسەر ئاستی گشتی و پێی وایە کۆمەڵگا بەردەوام لە حاڵەتی ململانێ و پێکدادانداییەو توندوتیژی بەشێکە لەژیانی مرۆڤ ، تیۆری چوارەمیشیان ( تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ) زیاتر لەڕوویەکی کۆمەڵایەتی دەروونییەوەیە و باس لە گروپە بچووکەکانی وەکوو : خێزان و خوێندنگاو گروپی هاوڕێیان و کۆمەڵگای لۆکاڵی دەکات ، کە تاکەکەس لەڕێگایەوە بەسەرنجدان و تێبینی کردن فێری توندووتیژی دەبێت.

**7.1.3 سێیەم : کورتەیەک دەربارەی گۆڕانکارییەکانی قۆناغی هەرزەکاریی:**

مرۆڤ لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕووبەڕووی چوار گۆڕانکاری سەرەکی دەبێتەوە کە بریتین لە :

**1 گۆڕانکاری جەستەیی :**

قۆناغی هەرزەکاری یەکێکە لە قۆناغەکانی گەشەی خێرای جەستە، دەست پێ دەکات پێش دەرکەوتنی باڵقی (بلوغ) ، ماوەی گەشەکردنی خێرا (10 – 14) ساڵییە لە کچاندا و (12 – 15) ساڵییە لە کوڕاندا ،ئەم گەشەیە بەردەوامە تا (18) ساڵی بۆ کچان وتا (20) ساڵی بۆ کوڕان . گۆڕانکارییەکەش بریتیە لە گەشەی خێرای کێش و باڵا ، گەشەی کۆ ئەندامی سێکسی وەکوو دەرکەوتنی بێنوێژی لە کچانداو شەیتانی بوون لە کوڕاندا، گرنگیدانی سۆزداری بە ڕەگەزی بەرامبەر ، هەروەها گۆڕانکاری هۆرمۆنی کە کاریگەری دەکاتە سەر وزەو خەوو خواردنییان و میزاج و لایەنی هەڵچونیان (المعروف، ١٩٩٦: ٨٩) .

**2 گۆڕانکاری عە قڵی :**

هەندێکجار پێکهاتە بنەڕەتیەکانی گەشەی عەقڵی تەواو دەبێت پێش قۆناغی هەرزەکاری ،ئەویش بەهۆی هەندێك ئامادەیی لەمرۆڤدا وەکوو : لێهاتویی درکی جوڵەیی ودرکی شوێنی ، بەڵام دەتوانین بڵێین بەشێوازێکی سەرەکی گەشەی عەقڵی تاڕاددەیەکی زۆر لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕوودەدات ، هەروەها فاکتەری ژینگەیی کاریگەری هەیە بۆسەر زیرەکی لە گەڵ جیاوازی نێوان تاکەکان لە ئامادەییاندا ، وەکوو : فراوانبوونی توانای هەرزەکار بۆ بیرکردنەوەو شیکارکردن ، پرسیارکردنی زۆرو بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ، پلان دانان بۆ داهاتوو و بڕیاردان بەسەربەخۆیی (ستیوارت جونز، ٢٠٠٢: ٧٩) .

**3 گۆڕانکاری هەڵچوونی:**

لە قۆناغی هە رزەکاریدا هەڵچونەکان زۆر خێراو توندوتیژوو بێ سنورن، هەرزەکار بە بچوکترین شت هەڵدەچێت و دوچاری نائارامی و توڕەییەکی زۆر دەبێت ، هەروەها هەستیارییەکی زۆری بەرەخنە لێگرتن هەیەو حەز دەکات ڕێزی لێبگیرێت ، دوچاری ململانێیەکی زۆر دەبێت لەنێوان پشت بەستن بە خێزان و ویستی

سەربەخۆیدا (قەرەچەتانی، ٢٠٠٤: ٣٤).

**4 گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی :**

قۆناغی هەرزەکاری بریتیە لە قۆناغێکی وردی جیاکەرەوە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە، فێردەکرێن چۆن هەست بە لێپرسراوێتی بکەن وچۆن دەست بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بکەن ، هەروەها پەیوەندییەکی فراوانی هاوڕێیەتی دروست دەکەن ، دەگەڕێن بەدوای ئەوەی کۆمەڵایەتییەن پەسەند بکرێن و گرنگی زۆر بە ئینتیمای کۆمەڵایەتی دەدەن ، دەیانەوێت سەربەخۆبن و پشت بەخێزانەکەیان نەبەستن (عبدالقادر، ٢٠٠٧: ٢١) .

کەواتە بەشێوەیەکی گشتیی گۆڕانکارییەکانی تەمەنی هەرزەکاریی جۆراو جۆرن کە چوار گۆڕانکاریی سەرەکی دەگرێتەوە وەکوو باسکران ، کە ئەوانیش گۆڕنکاریی ( جەستەیی، ئەقڵی ، هەڵچوونی ، کۆمەڵایەتی) ە . هەریەکە لەم گۆڕانکارییانە ژمارەیەک گۆڕانکاری سروشتین لەتەمەنی زۆربەی مرۆڤەکاندا ڕوو دەدەن لە کۆمەڵگاکاندا ، ئەگەر مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ نەکرێت ڕەنگە ببنە هۆکاریی دروستبوونیی توندوتیژی و پێکدادان و بارگرژی کۆمەڵایەتی و خێزانی و پەروەردەیی .

**7.2 تەوەری دووەم : هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی توندوتیژی لای هەرزەکاران:**

**7.2.1 یەکەم : هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی لای هەرزەکاران :**

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی خۆی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە ، کەبریتیین لەم خاڵانەی خوارەوە :

1 **خێزان:**

بە یەکێك لە دامەزراوە گرنگەکان بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندی نەوەی نوێ دادەنرێت، بەو هۆکارەی کاتێك منداڵ لە دایك دەبێت خێزان ئەرکی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتی کردنی لە ئەستۆ دەگرێت و فێری دەکات کە چۆن هەڵسووکەوت بکات و خۆی بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگادا ، هەروەها زۆرێك لەزانایان پێیان وایە جۆری پەروەردەکردنی منداڵ لە خێزاندا بەتایبەتی لە ساڵەکانی سەرەتادا کاریگەری زۆری هەیە لە سەر داهاتووی ژیانی تاکەکەس و کەسێتیەکەی لە کۆمەڵگادا (عامر، ٢٠٠٧: ١٨) .

خێزان دامەزراوەیەکە لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی دامەزراوە ، ئامانجی دروستکردنی جێگیری و ئارامییە بۆ ئەندامەکانی ، بەو پێیەی کە ژینگەی یەکەمەو تاک تیایادا گەورە دەبێت و فێری بەهاو پێوەرەکانی ژیان دەبێت . بەڵام کاتێک ئەم هاوسەنگییە تێک دەچێت ، شکست دەهێنێت لەبەدی هێنانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکەی، کاریگەرییەکی نەرێنی دروست دەکات، تێکچوونی پەیوەندییەکانی ناوی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین کێشە ، گرنگترینییان بریتیە لە : توندوتیژی خێزانی و دروستبوونی لادان و تاوان بەتایبەتی لەلای هەرزەکاران (بوزغاز، ٢٠٢١: ١٦٢) .

**2 خوێندنگا :**

خوێندنگا لەدوای خێزان گرنگیەکی زۆری هەیە لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگادا، هۆکاری پێدانی زانیاری و فێرکردنیانە کە چۆن هەڵسووکەوت بکەن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ چواردەورو کارەسات و کێشەکانی ژیاندا، هەروەها لەسەردەمی نوێدا زۆرتر بۆ مەبەستی پارێزگاری کردن لە کولتوورو ئەزموونی ژیانی مرۆڤ و خۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەمی نوێدا، پشتی پێدەبەسترێت (خلف، ١٩٨٧: ٨٠).

هەروەها هەندێک جار خوێندنگا دەبێتە سەرچاوەی دروستبوونی تووندوتیژی لەلای هەرزەکاران ، بەتایبەتی کاتێک کە : زیاتر گرنگی بە نمرەو تاقیکردنەوەکان دەدرێت وەکوو لە پەروەردەکردن و ڕێنمایکردنی خوێندنکاران ، ژمارەیەکی زۆری خوێندکار لەپۆلەکاندا دادەنرێن و چاودێرییەکی کەمیان دەکرێت ، هەڵسووکەوتی توندوتیژانە لەگەڵ خوێندکاراندا دەکرێت ، نەبوونی بەڕێوەبردنێکی باش و زانستییانە لەلایەن ستافی دەستەی کارگێڕییەوە ، هەریەکە لەم هۆکارانە وادەکات کە خوێندنگا لە بری ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ نەهێشتنی توندو تیژی ببێتە سەرچاوەی توندوتیژی و هاندانی هەرزەکاران بۆ ئەنجامدانی هەڵسووکەوتی تووندو نەگوونجاوو ناپەروەردەییانە (ناجي ليلى، ٢٠١٧: ٧١) .

**3 گرووپی هاوڕێیان :**

هاوڕێیەتی بەیەکێک لەهۆکارە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان دادەنرێت کە کاریگەری بۆ سەر هەڵسووکەوتی مرۆڤ بەگشتی و هەرزەکاران بەتایبەتی هەیە ، لەبەر ئەوەی هەرزەکاران کاریگەر دەبن بەهاوڕێکانیان و لاساییان دەکەنەوە ، زۆر گرنگە بەلایانەوە کە پەسەند بکرێن و دانیان پێدابنرێت ، ئەمە دەبێتە هۆی لاساییکردنەوە بەبێ بیرلێکردنەوەی ڕەخنەییانە ، کاتێکیش زیاتر کێشە دروست دەکات کە گروپی هاوڕێیانیان ئارەزووی ئەنجامدانی توندوتیژی بکەن و ڕاستەوخۆش ئەم توندوتیژییەیان بۆ دەگوازرێتەوە ، بەتایبەتی دووریی لەچاودێری خێزان کاریگەرییەکە زیاتر دەکات ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هاوڕێکان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بۆ سەر ئەنجامدانی توندو تیژی هەیە (أبو سريع، ١١٩٣: ٧٥).

**4 ڕاگەیاندن:**

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگی لە کۆمەڵگادا هەیە ، کە کاردەکات لەسەر گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ خەڵکی و زیادکردنی ئاستی هۆشیارییان . هەروەها بەشداری دەکات لەگەیاندنی ڕاستییەکان بەبێ زیادەڕەوی و دەستکاری کردن(محمد الدليمي، ٢٠١٥: ١٧).

ڕاگەیاندن بووەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ ، کە کاریگەری بۆ سەر بیرو باوەڕو هەڵسووکەوت و لایەنی سۆزداری هەیە ، دەتوانێت مرۆڤێکی توندوتیژو ناتەندروست بەرهەم بهێنێت ، بەو پێیەی دەتوانێت زانیارییەکان زۆر بەخێرایی بگەیەنێت بەوپەڕی سەرنج ڕاکێشانەوە ، هەموو ئەو توندوتیژییانەی لەڕێگەی بەرنامەکان و فیلمەکانەوە پەخشی دەکات کاریگەری نەرێنی گەورەی لەسەر هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەی منداڵان و هەرزەکاران هەیە (الشميري، ٢٠١٠: ١٨)

**7.2.2 دووەم : هۆکارە کولتوورییەکانی توندوتیژی لای هەرزەکارا ن :**

**هۆکارە کولتوورییەکانی توندوتیژی خۆی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە ، کەبریتیین لەم خاڵانەی خوارەوە:**

**1. بەهای کۆمەڵایەتی:**

بەهاکان چەمکگەلێکن لە ڕووی کولتورییەوە باش ، پەسەندو گونجاو یان خراپ ، ناپەسەند و نەگونجاو بۆی دەڕوانرێت ، بەها کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشانی ئەوەدەکەن کە چ شتێک ئەخلاقی و باشەو چ شتێکیش توندوتیژی و ناپەسەندە ، هەندێک کات بەهاکان لایەنێکی دیاریکراوو ئاشکرایان هەیە ، وەکوو : ڕێزگرتنی دایک

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12567]
- **Submission Date:** [25/5/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

و باوک ، یان حاڵەتێکی گشتگیرییان هەیە وەکوو: سەلامەتی ، خۆشەویستی و دیموکراسی (موحسنی، ٢٠٢١: ٣٥٦).
هەروەها پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بەهای کۆمەڵایەتی و ئەنجامدانی توندوتیژی لەلای هەرزەکاران هەیە ، بەو پێیەی ئەو بەهایانەی پێشتر لە خێزان و کۆمەڵگاوە وەری گرتووە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر هەڵسووکەوتی خوێندنگای هەیە ، هەرچەندێک بەهاکانی وەکوو : ڕێزگرتن و ئەتەکێت و بەرپرسیارێتی و لێبووردن و گفتوگۆ لاواز ببێت ، ئەگەری ئەنجامدانی کرداری توندووتیژانە زیاد دەکات ، وەکوو: شەڕکردن و تێکدان و توندوتیژی جەستەیی و زارەکی ، هەروەها چەندێک بەها ئەرێنییەکان لە کەسێتی هەرزەکاردا بچێنرێت ، ئەوا ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و بڵاوکردنە وە ی گیانی لێبوردەیی و ڕێکخستنی هەڵسووکەوت و دروستکردنی ژینگەیەکی پڕ لە ئاسایش (عمر،٢٠١٦: ٢٢) .

**2 هۆشیاری کولتووری :**

هۆشیاری کولتووری زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ هەرزەکاران کە بریتییە لە ناسینی کولتوور بەباشی ، وەکوو داب و نەریت و بەهاو بیروباوەڕ کە لە کۆمەڵگاکەیدا هەیەو لەگەڵیدا ئەژی ، بە واتای ئەوە دێت کە بزانێت هۆکاری بوونیان چییەو ڕێز لە جیاوازییە کولتوورییەکان بگرێت لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیداو لەدەرەوەی کۆمەڵگاکەشیدا . هەروەها هۆشیاری کولتووری بە مانای بیرکرنەوەی مرۆڤ و هەرزەکار دێت بەشێوەیەکی هۆشیارانە ، هیچ کارێک بەبێ بیرکرنەوە ئەنجام نەدات ، دەمارگیرو توندوتیژ نەبێت ، لەڕێگەی ئەقڵەوە شیکاری بۆ کێشەکان بکات و بەڕێگای ئارامی چارەسەریان بکات، هەڵبژاردن بکات لەنێوان ڕاست و هەڵەدا ، بڕوای بە گفتووگۆو لەیەکتر تێگەیشتن هەبێت ( الجوهری، ٢٠١٩: ١٥٥) .

**3 یاسا:**

یاسا هۆکاری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیە ، دەرچوون لێی مانای دروست بونی فەوزاو توندوتیژییە و هەڕەشەیە لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتیەکان ، واتا بوونی یاسا واتا ئارامی و یەکگرتوویی ، نەبوونیشی واتای بەیەکدادان و مافخواردنی یەکتریی و توندوتیژی (أبوزید، ٢٠١١: ٤٤٧) . دوو جۆر یاسا هەیە : یەکەمیان نەریتییە و نەوە لە دوای نەوە ماوەتەوەو بەدەستهاتووە ، دووەمیان یاسای نوسراوە لەلایەن کەسانێکی پسپۆڕەوە دادەنرێت کە شارەزای تەواوی ئەو بوارەن . ئەم بابەتە بەسەر مرۆڤ بەگشتی و هەرزەکارانیشدا جێبەجێ دەکرێت ، بەتایبەتی لەناو خوێندنگادا ، کە ئەگەر چەند یاسایەکی ڕوون و دیاریکراو نەبێت و جێبەجێ نەکرێت بەسەر خوێندکاراندا ئەوا توندوتیژی لە نێوان هەرزەکاراندا زیاد دەبێت و بەیەکدادانەکان ڕوو لە هەڵکشان دەکات (النوری، ١٩٨٣: ٢٥٧).
کەواتە بەشێوازێکی گشتی چەند هۆکارێکی جۆراو جۆری کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لەلای مرۆڤ بە گشتی و هەرزەکار بەتایبەتی ، چونکە جگە لەوەی خوودی هەرزەکار خۆشی ئەو قۆناغەی پیایدا تێ دەپەڕێت لەڕووی بایلۆجییەوە کاریگەری هەیە بۆ ئەوەی توندوتیژی ئەنجام بدات ، چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕۆڵییان هەیە لە دەرخستن یان زیادکردن و کەمکردنیدا.
لە پێشتردا باسمان لە چوار گۆڕانکاری کرد کە لەتەمەنی هەرزەکاریدا ڕوو دەدەن کە بریتیبوون لە : ( گۆڕانکاری جەستەیی، عەقڵی ، هەڵچونی ، کۆمەڵایەتی ) . لەوتەمەنەدا بەخێرایی هەڵدەچن و دەیانەوێت سەربەخۆبن و پشت بەخۆیان ببەستن ، لایەنی ئەقڵییان گەشە دەکات و بڕوایان زیاتر بەخۆیان دەبێت و ڕەخنە دەگرن . بەڵام ئەم بابەتە جێگیر نییەو وەکوو باسکرا چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و دەرونی هەیە وادەکات هەریەکە لەمانە لەلای هەرزەکار زیاد بکات یاخوود ڕوو لە کەم بوونەوە بکات.
بۆ نموونە ئەو هەرزەکارانەی لەخێزان و خوێندنگایەکی نارێکخراوو توندوتیژدا بژیین ، لەژێر کاریگەری دیمەنە توندوتیژەکانی ڕاگەیاندندا بن و ئەندامی گروپی هاوڕێیانی یاخی و شەڕانگێزبن ، ئەوا کردەی توندو تیژی لەلایان هەڵدەکشێت.
هەروەها ئەگەر هەرزەکار لە خێزان و کۆمەڵگایەکی لۆکاڵی باوەڕبوو بەبەهای توندوتیژییەوە هاتبێت و ئەقڵییەتێکی هۆشیارانەو بیرکردنەوەی لۆجیکانەی نەبێت ، لە خوێندنگاو کۆمەڵگاکەیدا یاسا نەبێت و پەیڕەو نەکرێت ، ئەوا توندو تیژییەکان بەرەو زیاتربوون دەچێت .

## 8 لایەنی مەیدانی :

لەم توێژینەوەیەدا میتودی ڕوپێوی کومەڵایەتی جیبە جێکراوە، هەروەها فۆڕمی ئیستبییان بە کار هاتووە بۆ کوکردنەوەی زانیارییەکان . کومەڵگای توێژینەوەکەمان بریتییە لە : ( ئامادە یی وایزی کوڕان و کچان ) ، پۆلەکانی : ( حەوت ، هەشت ، نۆ ، ١٠، ١١ ) نموونەی توێژینەوەکەش : ( ٢٢٠ ) خویندکارە ( ١٢٠) خویندکاری کوڕو ( ١٠٠ ) خویندکاری کچ، بە شێوازیی هەڕەمەکی

**خشتەی ( 1 )**
**جۆری ڕەگەز دەخاتەڕوو :**

| وەڵام | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| نێر | ١٢٠ | ٪٥٥ |
| مێ | ١٠٠ | ٪٤٥ |
| کۆی گشتی | ٢٢٠ | ٪١٠٠ |

لەم خشتەیەدا ڕەگەزی نێر (٥٥٪) ڕێژەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێک دێنێت ، هەروەها ڕەگەزی مێ ( ٤٥٪) پێک دێنێت ، ڕێژەی نێرو مێ بەیەکسانی وەرگیراوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، چونکە کۆی ژمارەی خوێندکارانی ( ئامادەیی وایزی ناحکوومی کچان ) بریتییە لە ( ٢٠٠ ) خویندکار کە (١٠٠ ) ئەندام وەرگیراوە، هەروەها کۆی ژمارەی خوێندکارانی ( ئامادەیی وایزی ناحکوومی کوڕان ) بریتییە لە ( ٢٤٠ ) خویندکار (١٢٠) ئەندام وەرگیراوا .

**خشتەی (2)**
**تەمەن دەخاتەڕوو :**

| وەڵام | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| (١٣)ساڵ | ٥٦ | ٪٢٦ |
| (١٤) ساڵ | ٥٦ | ٪٢٥ |
| (١٥) ساڵ | ٥٣ | ٪٢٤ |
| (١٦) ساڵ | ٣٤ | ٪١٥ |
| (١٧) ساڵ | ٢١ | ٪١٠ |
| کۆ | ٢٢٠ | ٪١٠٠ |

لەم خشتەیەدا دەبینین تەمەنی ( ١٣ – ١٧ ) ساڵی وەرگیراوە ، ئەمەش لەبەرئەوەی لە ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا ( ئامادەیی وایز ) هەردوو قۆناغی بنەڕەتی پۆلی ( ٧ – ٨ – ٩ ) لەگەڵ قۆناغی ئامادەییدا پۆلی (١٠ – ١١ ) پێکەوە کۆکرووە تەوە ، لەکاتێکدا لەهەمان ساڵدا پۆلی ( ١٢ ) نییە .

هەروەها ژمارەی خوێندکارانی پۆلە بنەڕەتییەکان نزیکن لەیەکترەوە بۆیە ژمارەی ئەندامانی ئەو سێ پۆلە لە توێژینەوەکەدا نزیکن لەیەکترەوە ، هەروەها ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی کەمترە و هەر قۆناغەو پۆلێکە بۆیە ژمارەی ئەندامان کەمتر وەرگیراوە

**خشتەی ( ٣ )**
**باری ئابووری دەخاتە ڕوو :**

| وەڵام | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٦٧ | ٪٣٠ |
| باش | ١٠٧ | ٪٤٩ |
| مامناوەند | ٤٥ | ٪٢٠ |
| خراپ | ١ | ٪١ |
| زۆرخراپ | - | - |
| کۆ | ٢٢٠ | ٪١٠٠ |

لەم خشتەیەدا لایەنی ئابووری خراوەتەڕوو ، کە زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە (٪٤٩ ) لایەنی ئابوریيان باشە ، دواتر (٪٣٠) پلەی زۆر باش دێت ، پاشان (٪٢٠) لایەنی ئابووریيان مامناوەندە ، هەروەها تەنها (٪١ ) دەڵێت باری ئابووریمان خراپە . ئەمەش ئەوە نیشان دەدات زۆرینە باری ئابووریيان باشە ، باری ئابووری مامناوەند زۆر کەمە هەروەها خراپ کەمترینەو زۆر خراپیش بوونی نییە . ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی خوێندنگاکەوە هەیە ، کە باری ئابووری خێزانەکان باشە، هەربۆیە توانیویانە منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگای ئەهلی .


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12567]
- **Submission Date:** [25/5/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**خشتەی ( ٤ )**

**ڕێژەی توانای خۆکۆنترۆڵکردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە کاتی بێزارکردنیان لەلایەن هاوڕێکانیانەوە دەخاتەڕوو**

| وەڵام | دوبارەبونەوە | | ڕێژەی سەددی | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر و مێ | نێر و مێ |
| بەڵێ | ٣٩ | ٦٠ | ٪٣٣ | ٪٦٠ | ٩٩ | ٪٤٥ |
| نەخێر | ٨١ | ٤٠ | ٪٦٧ | ٪٤٠ | ١٢١ | ٪٥٥ |
| کۆ | ١٢٠ | ١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٢٢٠ | ٪١٠٠ |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە (٥٥٪ ) ئەندامانی نموونی تویژینەوەکە بە ( نەخێر ) وەڵامیان داوەتەوەو توانای خۆ کۆنترۆڵکردن بەلایانەوە کارێکی ئاسان نییە، هەرچەندە کوڕان لە کچان کەمتر توانای خۆ کۆنترۆڵکردنیان هەیە کە لای ئەوان ڕێژەکە (٦٧٪) ە ، لە کاتێکدا لای کچان بریتییە لە (٤٠٪ ) ، کە ڕەنگە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەبێت کچان لەخێزان و کۆمەڵگادا زۆرترفێردەکرێن تووڕەبوونەکانیان کۆنترۆڵ بکەن ، هەروەها سروشتی ڕەگەزەکەشیان وادەردەکەوێت ئارەزووی زۆری ئەنجاندانی توندوتیژی زارەکی و جەستەییان نییە .

لەبەر ئەوەی ئەوساڵەی توێژەر توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامداوە ، لەهەمان کاتدا ڕێنماییکاری پەروەردەیی ( ئامادەیی وایزی کورانی ناحکوومی ) بووە ، ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە توندوتیژی دەرونی و جەستەیی نێوان خویندکاران بووەتەوە ، ئەزموونی ئەوەی کردووە کە کۆنترۆڵ نەکردنی توڕەیی لەلایەن هەندێک لە خوێندکارانەوە هۆکارێکی ئەنجامدانی توندوتیژییەکانە ، هەروەها هەستییاری زۆرییان بۆ کەمترین بێزارکرنییان لەلایەن هاوڕێکانیانەوە ، کاردانەوەی توندوو تیژانەی لێدەکەوێتەوە. کەواتە تێبینییەکانی توێژەر لەکاتی کارکردنیدا وەکوو ( ڕێنمایی کار ) لەگەڵ ئەنجامی ئەم خشتەیەدا یەک دەگرێتەوە .

پاشان ئەم بابەتە دەکرێت وەکوو کێشەیەکی تایبەتی سەیر بکرێت ، سنوردانەنان بۆ خۆکۆنترۆڵنەکردنەکان ڕەنگە کێشەی گەورە بۆ هەرزەکارو خوێندنگاکەش دروست بکات : هەرزەکار بخاتە دۆخی توندوتیژی و پێکدادان و شەڕکردن و دوچاربوون بە ئازاردان لەلایەن هاوڕێکانی و سزادانی لەلایەن خوێندنگاوە . خوێندنگاش بە گشتی لە دۆخێکی نا ئارامدا بهێڵێتەوە .

**خشتەی ( ٥ )**

**جۆری ڕێنماییکردنی خێزانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژیدا دەخاتە ڕوو:**

| وەڵام | دوبارەبونەوە | | ڕێژەی سەددی | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر وەمێ | نێر وەمێ |
| بەڵێ | ٢٦ | ٢٠ | ٪٢٢ | ٪٢٠ | ٤٦ | ٪٢١ |
| نەخێر | ٩٤ | ٨٠ | ٪٧٨ | ٪٨٠ | ٦٣ | ٪٧٩ |
| کۆ | ١٢٠ | ١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٢٢٠ | ٪١٠٠ |

لەم خشتەیەدا ئەوە دەرکەوتووە کە زۆرینەی خوێندکاران ( ٧٩٪ ) ڕایان وایە خێزانەکانیان پاڵنەرنین بۆ ئەوەی هەمان ڕەفتاری توندوتیژی ئەنجام بدەنەوە کەبەرامبەریان دەکرێت ، لەبەرامبەردا (٢١٪ ) دەڵێن خێزانەکانیان ڕێنماییان دەکەن بۆ وەڵامدانەوە بەڕێگای توندوتیژانە کە لەکۆی (٢٢٠) خوێندکار (٤٦ ) کەس

دەكات ، ئەمەش ناتوانرێت بەكەم سەیر بكرێت و پشتگوێ بخرێت ، چونكە ئەو ژمارەیە كەم نییە بۆ ئەوەی ڕۆژانە كەشی خوێندنگا تێك بدەن و هەمان كردار بەردەوامی پێ بدەن ، ئەو كاتەی لە خوێندنگادا دەبن پێكەوە لە دۆخی شەڕدا دەبن و هیچیان ئامادە نابن كۆڵ بدەن چونكە ڕێنمایی كراون و پێیان وایە لەبەر ئەوەی بەرامبەر ئازاری داوە پێویستە ئەمیش ئازاری بداتەوە، هەربۆیە توندوتیژییەكە شێوەیەكی بازنەیی تەواو نەبوو لەخۆ دەگرێت .
هەروەها توێژەریش لەمەیدانی كاركردنیدا وەكوو ڕێنماییكار لە ساڵی توێژینەوەكەدا ئەو تێبینییەی هەبووە كە هەندێك لە خوێندكاران لەگەڵ گرتنەبەری زۆربەی تەكنیكەكانی ڕێنمایی كردن و تەنانەت سزادانیش بۆیان ئامادە نەبوون واز لە توندوتیژی بهێنن بەو پاساوەی خێزانەكانیان ڕێنماییان كردوون كە هەركەسێك توندوتیژی ئەنجامبدات بەرامبەری هەمان شت بەرامبەری ئەنجامی بدەرەوە ، تەنانەت كاتێك ڕێنماییكار هەندێك خێزانی ئاگادار دەكرد لەبری پەنابردنە بەر چارەسەركردن دڵخۆش دەبوو بەوەی منداڵەكەی توندوتیژی ئەنجامداوەتەوە !.

**خشتەی ( ٦ )**

**بیروڕای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە سەبارەت بەبەرگری كردنی خوێندنگا لێیان لە كاتی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژیدا دەخاتە ڕوو :**

| وەڵام | دوبارەبونەوە | | ڕێژەی سەددی | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر ومێ | نێر ومێ |
| بەڵێ | ٩٣ | ٦٤ | ٧٨٪ | ٦٤٪ | ١٥٧ | ٧١٪ |
| نەخێر | ٢٧ | ٣٦ | ٢٢٪ | ٢٧٪ | ٦٣ | ٢٩٪ |
| كۆ | ١٢٠ | ١٠٠ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ٢٢٠ | ١٠٠٪ |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە زۆرینەی هەرزەكاران (٧١٪) بۆچوونییان بەوجۆرەیە كە خوێندنگا دەیان پارێزێت ئەوكاتەی ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە ، بەڵام لەبەرامبەردا (٢٩٪) دەڵێن خوێندنگا بەرگری لەمافەكانمان ناكات كە لەكۆی (٢٢٠) ئەندامی توێژینەوەكە (٦٣ ) خوێندكار دەكات .
لێرەدا دەكرێت بوترێت هاوشێوەی خشتەی پێشوو ئەم ژمارەیە هەرچەندە كەمیش بێت كاریگەری هەیە و ناتوانرێت بە ئاسانی كۆتایی بە شەڕەنگێزی و توندوتیژی ئەوخوێندكارانە بهێنرێت ئەمەش لەبەر ئەوەی بروایان بەوەنییە تۆڵەیان بۆ بسەنرێتەوە، یاخود بروایان بەوشێوازە مافەسەندنە ناتوندوتیژانەیە نییە كە خوێندنگا یاخود ڕێنماییكارو بەڕێوەبەرو مامۆستاكانیان دەیگرنە بەرو ڕەنگە ئەوان زیاتر ئارەزوویان لەڕێگایەكی خێرای توندوتیژانە هەبێت ، هەڵبەت توێژەر لەمەیدانی كاركردنیدا ئەزموونی ئەم بابەتەی كردووەو گوێبیستی هەندێك لە خوێندكاران بووە كەهەمان ڕاستییان دووبارە كردۆتەوە .

**خشتەی ( ٧ )**

**ئارەزووی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە سەبارەت بە سەیركردنی فیلم و یاری ئەلكترۆنی توندوتیژانە دەخاتە ڕوو**

| وەڵام | دوبارەبونەوە | | ڕێژەی سەددی | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر ومێ | نێر ومێ |
| بەڵێ | ٨٤ | ٥٣ | ٧٠٪ | ٥٣٪ | ١٣٧ | ٦٢٪ |
| نەخێر | ٣٦ | ٤٧ | ٣٠٪ | ٤٧٪ | ٨٣ | ٣٨٪ |
| كۆ | ١٢٠ | ١٠٠ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ٢٢٠ | ١٠٠٪ |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ، دامەزراوەی ڕاگەیاندن و ئامێرە تەكنەلۆجییەكان ڕۆڵی خراپ دەگێڕن لە زیادكردنی توندوتیژیی نێوان هەرزەكاران ، زۆرینە (٦٢٪) لەوەدا هاوڕان كە ئارەزوویان لە سەیركردنی ئەو فیلم و یارییە ئەلكترۆنیانە هەیە كە توندوتیژیان تێدایە ، بەتایبەتی ئەگەر لەڕووی تیۆری ( فێربوونی كۆمەڵایەتیی ) وە سەیری ئەم بابەتە بكرێت كە لەلایەنی تیۆریی توێژینەوەكەدا باسكراوە ، سەرنجدان و سەیركردن هۆكاری فێربوونی توندوتیژییەكانە كە دواتر دەبێتە بەشێك لە هەڵسووكەوتی مرۆڤ .
دەكرێت ئەمەش بە ئاماژەیەكی مەترسیدار دابنرێت ، كە هەرزەكار ئارەزووی بینینی كرداری توندوتیژی بكات، چونكە دەبێتە بەشێك لە هەڵسووكەوتی ، لەبەر ئەوە دەیەوێت هەمان كرداری توندوتیژی لە خوێندنگاش دووبارە بكاتەوەو ئازاری چواردەوری پێ بداتەوە .

**خشتەی ( ٨ )**

**ئارەزووی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە سەبارەت بە ئەنجامدانی توندوتیژی بۆ ئەوەی هاوڕێكانیان لێیان بترسن و بەهێز دەربكەون دەخاتەڕوو :**

| وەڵام | دوبارەبونەوە | | ڕێژەی سەددی | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر ومێ | نێر ومێ |
| بەڵێ | ١٢ | ٢١ | ١٠٪ | ٢١٪ | ٣٣ | ١٥٪ |
| نەخێر | ١٠٨ | ٧٩ | ٩٠٪ | ٧٩٪ | ١٨٧ | ٨٥٪ |
| | ١٢٠ | ١٠٠ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ٢٢٠ | ١٠٠٪ |

**بەهێز دەربكەون دەخاتەڕوو :**

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە كولتووری توندوتیژیی بنەمای سەلماندنی خود نییە لە نێوان هەرزەكاران لە خوێندنگاكاندا، چونكە زۆرینە ( ٨٥٪) وابیردەكەنەوە هەڵسوكەوتی توندوتیژیی بەكارناهێنن بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێن و بەهێز دەربكەون، هەروەها

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12567]
• **Submission Date:** [25/5/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕێژەیەکی کەمی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە هەیە ( ١٥٪ ) ، وەکوو لە خشتەکانی پێسووتریشدا باسکرا ڕێژە کەمەکان ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن .

هەستی بەهێزبوون و هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەسەر بەرامبەردا لە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤدا هەبووە ، ئەم هەستەش لەناو هەرزەکاراندا مەترسییەکی گەورەیە ، دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی هاوڕێکانی و ئازاردانی ، کێشەکەش لەوەدایە ، کاتێک دەبێتە بیرۆکە لەلای بە ئاسانی و ڕێنمایکردنی سادەدە و سەرزەنشتکردن دەستبەرداری شەڕەنگێزییەکانی نابێت ، چونکە بەوپەڕی باوەڕەوە لە ناخەوە ئارەزوو دەکات بەرامبەرەکەی بچەوسێنێتەوە ، هەربۆیە پێویست دەکات خوێندنگا بەدواداچون بۆ ئەم خوێندکارانە بکات و دەستنیشانیان بکات ، ڕەنگە هەندێکیان پێویستیان بە چاودێری بەردەوام و چارەسەری دەروونی هەبێت.

**خشتەی ( ٩ )**

**پەنابردنە لای ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەکاتی دووچار بوون**

| وەڵام | دوبارەبونەوە | | ڕێژەی سەددی | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەددی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر ومێ | نێر ومێ |
| بەڵێ | ٨٠ | ٦٧ | ٦٧٪ | ٦٧٪ | ١٤٧ | ٦٧٪ |
| نەخێر | ٤٠ | ٣٣ | ٣٣٪ | ٣٣٪ | ٧٣ | ٣٣٪ |
| کۆ | ١٢٠ | ١٠٠ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ٢٢٠ | ١٠٠٪ |

لەم خشتەیەدا (٦٧٪) دەڵێن کاتێک پەنا بۆ ( ڕێنمایکاری پەروەردەیی ) دەبەن لەلایەن هاوڕێکانیانەوە بەترسنۆک و لاواز باسدەکرێن ، کە دەکرێت وەکوو هۆکارێکی کولتووری لێکدانەوەی بۆ بکرێت و ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە ناو کولتووریی هەرزەکاراندا شێوازەکانی وەڵامدانەوەی ناتوندوتیژانە گەشەی نەکردووە .

چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگای( ڕێنمایکاری پەروەردەیی) ەوە هۆکارێکی سەرەکین بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان ، چونکە ڕێگا دەگرێت لەوەی خوێندکارەکە خۆی ڕاستەوخۆ مافی خۆی وەربگرێتەوەو شەڕبکات لەگەڵ کەسی بەرامبەری ، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم بیرۆکەیە لەناو هەندێک لەهەرزەکاراندا کە ئەگەر شەڕنەکەیتەوە لەگەڵ ئەو کەسەی شەڕت پێدەفرۆشێت ، کەسێکی لاوازیت ! ڕێگرییەکی گەورەیە لەچارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی لەناو هەرزەکاراندا .

## 9. ئەنجام :

زۆرینەی خوێندکاران (٥٥٪ ) توانای کۆنترۆڵکردنی لایەنی دەروونییان نییە. بە شێوازێکی گشتی خێزانەکان (٧٩٪ ) هانی هەرزەکارەکانیان نادەن بۆ ئەنجامدانەوەی توندوتیژی بەرامبەر هاوڕێکانیان . زۆرینەی خوێندکاران (٧١٪) بڕوایان بە خوێندنگا هەیە کە بەرگری لە مافەکانی بکات کاتێک ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە . زۆرینەی خوێندکاران (٦٢٪) ئارەزووی سەیرکردنی دیمەن و فیلم و یاری تووندوتیژانەیان هەیە . بەشێکی زۆری خوێندکاران (٨٥٪) توندوتیژی ئەنجام نادەن بۆ ئەوەی کەسێکی بەهێز دەربکەون و هاوڕێکانیان لێیان بترسن . زۆرینەشیان (٦٧٪) بڕوایان وایە ئەگەر لەلایەن ڕێنمایکاری پەروەردەیی سکاڵا بکەن هاوڕێکانیان بەترسنۆک و لاواز باسیان دەکەن

## 10. ڕاسپاردەکانی توێژینەوە :

1. گرنگی زیاتر بدرێت بە بڵاوکردنەوەی بەهاکانی : ئاشتی و لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن و خۆشەویستی لە ناو خوێندنگاکانداو لە نێوان خوێندکاراندا.
2. هاندانی خوێندکاران بۆ پەنابردنە لای ڕێنمایی پەروەردەیی لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژیدا
3. هۆشیارکردنەوەی هەرزەکاران لە لایەن : خێزان ، ڕاگەیاندن ، مزگەوت ، ئەندامانی گشتی کۆمەڵگاوە ، دەربارەی مەترسییەکانی توندوتیژی و هاندانییان بۆ گیانی لێبوردەیی .

## 11 پێشنیار:

١ - ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کێشەکانی هەرزەکاران لە خوێندنگاکاندا .

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر هۆکارەکانی توندوتیژی لەلای هەرزەکاران بەتایبەتی لە خوێندنگاکاندا .

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جێگرەوەکانی توندوتیژی و چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەلای هەرزەکاران.

## 12.سەرچاوەکان:

**ئینگلیزییەکان:**

1. Abercrombie, N. et al. (2006) . The Penguin Dictionary of Sociology. 5th edn. England: Penguin Books.
2. Gambling Research Exchange Ontario (GREO). (2018). Conceptual Framework of Harmful Gambling: An International Collaboration. 3rd edn. Canada.
3. Turner, B. S. (2006) . The Cambridge Dictionary of Sociology. Cambridge: Cambridge University Press.

**وێب سایت و ئەنتەرنێت:**

1. Friedland, R. P. (2022) . Social factors. Available at: www.cambridge.org .(Accessed: 3 March 2026).

2. World Health Organization .(2026) . Adolescence. Available at: www.who.int . (Accessed: 7 January 2026).

3. World Health Organization . (2026) .

Violence. Available at: www.who.int .
(Accessed: 7 January 2026)

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

١. أبوزيد، أ. (٢٠١١) البناء الاجتماعي: مدخل لدراسة المجتمع، الجزء الثاني: الأنساق ، دار المعرفة الجامعية ، مصر.

٢. أبو سريع، أ. س. (١٩٩٣) الصداقة من منظور علم النفس. الكويت ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب.

٣. أخلاقاني، ح. (٢٠١٩) العنف الثقافي: خطاب خصوم الحداثة. الطبعة الأولى ، جامعة الكوفة ، بيروت .

٤. بوزغاز، د. (٢٠٢١) العنف الأسري: أسبابه وطرق علاجه ، مجلة جامعة الأمير عبد القادر للعلوم الإسلامية، المجلد ١٠.

٥. الجوهري، م ، (٢٠١٩) الأنثروبولوجيا الاجتماعية والثقافية ، مطبوعات مركز البحوث والدراسات الاجتماعية ، القاهرة .

٦. الحسن، إ. م والحسني، ع ، (بلا تاريخ) طرق البحث الاجتماعي ، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل ، الموصل .

٧. خلف، م. ع وآخرون ، (١٩٨٧) مبادئ التربية ،العراق.

٨. الدليمي، ع. م ، (٢٠١٥) المدخل إلى وسائل الإعلام والاتصال ، دار الثقافة ، عمان .

٩. بوغراف ، ح ، (2023 ) قراءة تحليلية لاهم النظريات السوسيولوجية المفسرة للسلوك الاجرامي و الانحرافي ، حوليات جامعة قالمة للعلوم الاجتماعية و الإنسانية ، العدد 01 ، الجزائر .

٩. رزدام، ع، (٢٠١٦) الشباب وقيم العنف ، مجلة روافد، العدد ١٩. جامعة زيان عاشور، الجزائر.

١٠. سعاد، ب. ق وليلى، ن ، (٢٠١٧) العنف المدرسي لدى المراهق المتمدرس في المرحلة الثانوية ، مجلة العلوم الاجتماعية، العدد ٢٤ ، جامعة بسكرة، الجزائر.

١١. شريط، ع. ح. وآخرون (٢٠١٨) دور العوامل النفسية والاجتماعية في ظاهرة غياب الطلبة'، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد ٣٥. الجزائر.

١٢. الشميري، ف. ع. (٢٠١٠) التربية الإعلامية. الطبعة الأولى. الرياض.

١٣. العقاد ، عصام عبداللطيف ، ( ٢٠٠١) سيكولوجية العدوانية و ترويضها ، دار غريب للطباعة ، القاهرة .

١٣. عامر، ط. ع. (٢٠٠٧) التربية والتعليم المستمر ، دار اليازوري ، عمان.

`١٤. عمر، م. خ. (١٩٨٣) الموضوعية والتعليل في البحث الاجتماعي ، الطبعة الأولى ، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت .

١٥. عمر، م. خ. (١٩٩٧) مناهج البحث في علم الاجتماع ، دار الشرق ، عمان .

١٦. مجيطنة، ع. (٢٠١٨) مفهوم العنف الاجتماعي في البحوث السوسيولوجية ، المجلة العلمية لجامعة الجزائر ٣، المجلد ٦، العدد ١١ ، الجزائر .

١٧. المعروف، ص. ع. (بلا تاريخ) علم النفس للطفل والمراهق ومشاكل انحراف الأحداث ، جامعة البصرة، البصرة .

١٨. مبيضين، ص. (٢٠١٣) العنف المجتمعي ، دار اليازوري ، عمان .

١٩. المكاوي، ع. م. (٢٠٠٧) الأنثروبولوجيا وقضايا الإنسان المعاصر ، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية ، مصر .

٢٠. ناصر، إ. (بلا تاريخ) الأنثروبولوجيا الثقافية ، دار الكرمل ، الأردن .

٢١. نخبة من الكتاب (بلا تاريخ) علم النفس الطفل والمراهقة ، مكتب الديار للطباعة ، بغداد .

٢٣. النوري، ق. (١٩٨٣) المدخل إلى علم الإنسان، دار الحرية للطباعة ، العراق .

٢٤. مايز بلير، ج. وجونز، ر. س. (بلا تاريخ) سايكولوجية المراهقة للمربين. ترجمة: ر. أبو الحب وأ. سلامة. بغداد.

٢٥. ولسون، ك. (٢٠٠١) سيكولوجية العنف: التاريخ الإجرامي للجنس البشري. ترجمة: ر. السيد علي. حور للثقافة.

٢٦. ويتمر، ب. (٢٠٠٧) الأنماط الثقافية للعنف. ترجمة: م. ي. عمران ، عالم المعرفة ، الكويت .

**سەرچاوە کوردییەکان**

١ .بەرزنجی، گ. (٢٠٠٧) هەرزەکاران با بۆخۆیان بدوێن. سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٢ .قەرەچەتانی، ك. ش ، (٢٠٠٤) سایکۆلۆژیای هەرزەکارو لاوان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

٣ . قەرەچەتانی ، ک.ش ، ( ٢٠٠٨ ) سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی .

٣ . موحسنی، م ، (٢٠٠٢) دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، وەرگێرانی ڕێبوار سیوەیلی و کۆمەڵێك وەرگێر، چاپی یەکەم ،، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

**Abstract**

This sociological study examines the unique developmental characteristics of adolescence and how these traits influence social and familial relationships. Specifically, it explores the socio cultural drivers of adolescent violence through a quantitative lens.

Using a social survey methodology, the researcher conducted questioner at Wise High School (comprising both male and female students). Our research community is: (Wise High School for Boys and Girls) Sample: (220) students (120) boys and (100) girls, randomly.

Key Research Findings

The research yielded several key findings: students frequently lack the self-regulation necessary to handle personal violations. They believe that seeking social worker will cause others to perceive them as weak and cowardly. Furthermore, the study identifies digital media and gaming as

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12567]
- **Submission Date:** [25/5/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

significant factors in the rising levels of adolescent violence. The family does not encourage the adolescent to respond to acts of violence with the same violent behavior.

**Keywords:** Social factor, Culture factor, Violence, Adolescence

**الملخص**

تتناول هذه الدراسة السوسيولوجية الخصائص النمائية المميزة لمرحلة المراهقة، وكيف تؤثر هذه الخصائص في العلاقات الاجتماعية والأسرية. وتركّز الدراسة بصورة خاصة على العوامل الاجتماعية والثقافية المؤدية إلى العنف لدى المراهقين من منظور كمي.

اعتمد الباحث على منهج المسح الاجتماعي ، واستخدم الاستبانة أداةً رئيسية لجمع البيانات من طلبة ثانوية وايز للبنين والبنات. وتكوّن مجتمع الدراسة من طلبة ثانوية وايز، بينما بلغت عينة الدراسة (220) طالبًا وطالبة، منهم (120) من الذكور و(100) من الإناث، تم اختيارهم بطريقة عشوائية.

أبرز نتائج الدراسة:

أظهرت النتائج أن الطلبة غالبًا ما يفتقرون إلى القدرة على ضبط النفس والتعامل السليم مع المشكلات والانتهاكات الشخصية، يعتقدون أن لجوءهم إلى اخصائية الاجتماعية سيجعل الآخرين يصفونهم بالضعف والجبن ، كذلك بيّنت الدراسة أن وسائل الإعلام الرقمية والألعاب الإلكترونية تُعدّ من العوامل الرئيسة في تزايد مستويات العنف لدى المراهقين ، أيضا الأسرة لا تشجّع المراهق على الردّ على أعمال العنف بنفس السلوك العنيف.

**الكلمات المفتاحية:**العوامل الاجتماعية، العوامل الثقافية، العنف، المراهقة.